# لە خۆسەلماندنەوە بۆ توانەوە
# دۆزینەوەی وەڵامێک بۆ پرسیاری: صافی ئەم هەموو شیعرەی بۆ بە زمانی ناکوردی نووسیوە؟
# (تێڕوانینێکی ڕەخنەیی)

**پ.د. مەهدی فاتیح عومەر**[1]

## پێشەکی

کاتێ سەیری دیوانی صافی دەکەین بەر شتێکی نە سەیر (چونکە بۆ زۆر لە دیوانە کوردییە کلاسیکییەکان تووشی ئەو حاڵەتە دەبین) دەکەوین و نە نامۆ، ئەویش بوونی ژمارەیەکی زۆر شیعرە بە زمانی ناکوردی، ئیتر بە زمانی عەرەبی بێت یان زمانەکانی تورکی و فارسی، بەزۆریش شیعرە ناکوردییەکان لەو سێ زمانە بەدەر نیین، زمانی ئەو نەتەوانەی کورد بەهاوبەشی لەم ناوچەیە لەگەڵیاندا دەژی، بەڵام ئەوەی سەیرە بۆچی بە شێوەیەکی جیددیی بیرمان لەوە نەکردووەتەوە بوونی ئەو هەموو شیعرە ناکوردییە لە دیوانی شاعیرێکی کورددا بۆ چی دەگەڕێتەوە، ئایا هەر هێندە بەسە کە بە بیرکردنەوە تەقلیدییەکەی پێشتر بڵێین:

١- ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمانە هەر ڕۆشنبیریی نەتەوە سەردەستەکان بووە و کورد لەڕێگەی زمانی ئەو نەتەوانەوە فێری خوێندنەوە و نووسین بووە.

[1] زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی زانستە ژینگەییەکان/ شارباژێڕ
E-mail: mahdi.omer@univsul.edu.iq

٢- زمانی ئایینی باڵادەست لای کورد، زمانی کوردی نەبووە و بە هۆی پیرۆزیی ئەم زمانە ئایینییەوە، کورد بەو زمانە لە حوجرە و خانەقا و مەدرەسە ئایینییەکان فێری نووسین و خوێندنەوە بووە و دواتر شیعر و بابەتی تری بەو زمانە نووسیوە.
٣- لەو سەردەمانەدا نووسینی شیعر بە زمانی ناکوردی وەک جۆرێ لە توانایی شاعیر لێک دراوەتەوە و بوونی چەندین شیعر بە زمانەکانی عەرەبی یان فارسی و تورکی گوزارشت بووە لە لێهاتوویی شاعیر و هەستی شانازی و بەخۆنازینی شاعیران بۆ زمانزانییان.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

(**لە خۆسەلماندنەوە بۆ توانەوە**) ئەمە ناونیشانی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکەیە، ئەم ناونیشانە دەیەوێت بڵێت، نووسینی شیعر بە زمانی ناکوردی لای شاعیرانی کورد لە دیوانە کوردییەکاندا بە نیەت و هەوڵی خۆسەلماندنی ئەوان دەست پێ دەکات، خۆسەلماندن هەم بۆ توانایی شیعرییان، هەم بۆ ئاشنابوونیان بە خوێنەرانی ئەو زمانانە و خۆسەلماندنیان لە زۆر ڕووەوە، بەڵام ئەم خۆسەلماندنانە دوا جار ئامانج ناپێکێت و بە جۆرێک لە توانەوە لەو زمانانەدا کۆتایی دێت، بۆ ئەمەیش لە خوار ناونیشانی سەرەکییەوە، ناونیشانی ناسەرەکیی (**دۆزینەوەی وەڵامێک بۆ پرسیاری: صافی ئەم هەموو شیعرەی بۆ بە زمانی ناکوردی نووسیوە؟**( هاوکارییمان دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پرۆسەیە و باسەکەمان دەبێت بە گەڕان و سۆراغی وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە.

**بواری لێکۆڵینەوەکە:**

بـواری ئەم لێکـۆڵینەوەیە لە لایەک بەرجەسـتەیە و لە بەر دەسـتن و هەموو ئەو ماتەریاڵانە دەگرێتەوە کە پێیان دەگوترێت دیوانی شاعیرانی کورد و تێیاندا چەند لاپەڕەیەک یان بەشێک بە هەر قەبارەیەک بێ بۆ شیعری عەرەبی یان فارسی یان تورکی یان هەموویان پێکەوە تەرخان کراوە، لە لایەکی تر بوارەکەمان هزرییە و دەمانەوێت بابەتی تێفکرین لە هۆکاری نووسینی شیعری ناکوردی لە لایەنی شاعیرانی کوردەوە بخەینە قاڵبێکی گریمانەیی و بۆچوونەکانی خۆمانی لەسەر دابڕێژین.

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە بیرکردنەوەیە لە زمانی دایک و پێگرتن و بەرامبەرکردنی بە زمانەکانی تر، لەوێوە ئەو هۆکارانە دەچنینەوە کە شاعیری کورد وەک بەڵگەی توانایی و لێهاتوویی خۆی شـیعری نـاکوردی دەنووسـێت، بەڵام سـەرەنجام دەبینـین تەمـی هەستکردن بە کەمی لە بەرامبەر ئەو زمانانە تێی ئاڵاوە.

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

لێکۆڵینەوە لەم باسە دەمانباتەوە سەر پێوەندیی (من) و (ئەوی تر) کە بابەتێکی فەلسەفییە و جێی ڕامانی هزرڤان و فەیلەسووفانە، من وەک کـورد، وەک شـاعیری کـورد، چ پێوەندییەک بە ئەوی تـری نـاکوردی دەبەستێتەوە کە شیعر بە زمانەکەی دەنووسێت، دۆزینەوەی پێوەندیی (من) و (ئەوی تر) بۆ بابەتی توێژینەوەکە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم لێکـۆڵینەوەیەدا بە میتـۆدێکی وەسـفیی شـیکاری و بە وچـاونێکی ڕەخنەیـی و پاڵپشـت بە فیکـری چەنـد فەیلەسـووفێک هەوڵ دەدەیـن بە

دوای ئەو پرسیارەدا بچین، بۆچی بەشێکی زۆری شاعیرانی کورد، لە سەدەکانی پێشوودا، جگە لە کوردی بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی شیعریان نووسیوە، پانتاییەکی گەورەی دیوانی صافیی شاعیری کورد بریتییە لەم شیعرە ناکوردییانە، ئەمەیشمان بە هەوڵی شاعیر بۆ خۆپێشکەشکردن بە ئەوی تر لێک داوەتەوە و لە ڕێچکەی لێکۆڵینەوەکەدا ئەم خۆپێشکەشکردنەی صافی و شاعیرانی تری کوردمان بە ئەوی تر بە کۆشش و تەقەلالای ئەوان لە قەڵەم داوە بۆ ڕزگاربوونی لە گۆشەگیریی ئەنتۆلۆجی و بە (**لە خۆسەلماندنەوە بۆ توانەوە**) ناومان ناوە.

**کێشەی لێکۆڵینەوەکە:**

کێشەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەتوانین لە دوو خاڵدا چڕ بکەینەوە:

١- ئەگەر شیعر داهێنان بێت لە زماندا، زمانیش بە تایبەت زمانی دایک قاڵبی گوزارشت بێت لە هەست و ئیحساس و ویژدان و هەڵچوونی مرۆڤ، دەبێت ئەو پاڵنەرانەی وا لە شاعیر دەکەن شیعر بە زمانێکی تر بنووسێت، بەقاڵبکردنی زمانی دووەم بۆ هەست و ئیحساسی شیعری و ویژدان و هەڵچوونی مرۆڤ کێشەیەکە و ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت دوای بکەوێت.

٢- پێوەندیی (من) و (ئەوی تر) وەک بابەتێکی فەلسەفی دەمانەوێت بکەین بە کێشە و بە دوایدا بچین.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیەمان جگە لە پێشەکی بۆ دوو بەش پۆلێن کردوە، لە **بەشی یەکەمدا** هەوڵ دەدەین لە جیهانبینی و دیدگای چەند فەیلەسووفێکەوە لە پێوەندیی نێوان (من) و (ئەوی تر) تێ بگەین، لای

(هیگڵ) ئەگەر (ئەوی تر) نەبێت، خود لەسەر خۆی هیچ زانینێک بە دەست ناهێنێت، ئەو خودە بە ئەوانی ترەوە گرێ دراوە و دەبێت ئەوانی تر دانی پێدا بنێن، بە پێی ئەم لۆژیکەی ئەو، هەر شتێ بەردەوامی و بەهێزیی لە دژەکەیدا دەبینێت، بۆیە خود لە ڕێگەی ئەم (ئەوی تر)ەوە دەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت و لە ململانێکانەوە گەشە بکات، وەک ئەوەی (هیگڵ) باس لە پێوەندیی کۆیلە و ئاغا دەکات، دواتر لای (هایدیگەر) ئەو خودە کاتێ لەتەک ئەوانی تردا سیمای هاوبەش دروست دەکات خۆی دەفەوتێنێت، یان لەو ڕێگەیەوە جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی خۆی دەدۆڕێنێت. لای (سارتەر)یش پێوەندی (من) و (ئەوی تر) دەچێتە ئاستێکی ترسناک و خراپەوە بەوەی (من) دەبێتە بابەت و لە سوبکێت دەکەوێت و ئازادیی خۆی لە دەست دەدات، دواتر بۆ تێگەییشتن بەسەر بۆچوونەکانی (مێرلۆ پۆنتی) و (لیڤیناس) و چەند فەیلەسووفێکی تردا دێینەوە.

لە **بەشی دوەمیش** بە پشتبەستن بە زەمینە تیۆرییەکەی بەشی یەکەم، هەوڵ دەدەین بە دوای ئەو پرسیارەدا بچین، کە صافیی شاعیر ئەو هەموو شیعرەی بۆچی بە زمانی ناکوردی نووسیوە؟ هەوڵی داوە چ مەبەست و ئامانجێک بپێکێت؟ ئایا توانیویەتی ئەوە بکات کە دەیەوێت، چونکە ئەگەر بە زمانی دایک شێوەی بیرکردنەوە و هەستیاری و سۆزداریی مرۆڤ چرۆ بکات، ئەی ئەم لایەنانە کە ڕەگەزی دیاری شیعرن، چۆن لە شیعرێکدا کە بە زمانی دایک نەبێت، دێنە بوون؟ ئەگەر زمانی دایک کە زەمینەی دروستکردنی خودە لە بەرهەمهێنان و سەرهەڵدانی هزر و توانا هۆشەکییەکانی منداڵدا ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێ، ئەی بە زمانی دوەم ئەم لایەنانە لە شیعردا چۆن بەرجەستە دەبن؟

هەموو ئەوەیشمان لەو پێوەندییەدا بە میتۆدێکی ڕەخنەی شیکاری بەرجەستە کردوە کە (من) و (ئەوی تر) پێکەوە دەبەستێتەوە، سەرئەنجام ئەمەیشمان بە هەوڵی شاعیر بۆ خۆقوتارکردن لە گۆشەگیریی ئەنتۆلۆجی تەفسیر کردوە، دوای ئەنجامگیرییش بەداخەوە دەبێت بڵێین ئەم هەوڵە سەری نەگرتوە، لە جیاتیی خۆسەلماندن بۆ ئەوی تر، بە توانەوە کۆتایی هاتوە کە وەک ئەنجام باسمان کردووە، لە کۆتایشدا پوختەی لێکۆڵینەوەکەمان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتەڕوو.

**بەشی یەکەم: دیدی هزری بۆ پێوەندیی من و ئەوی تر**

لە فەلسەفەی یۆنانی کۆنەوە بابەتی پێوەندیی (من) و (ئەوی تر) وەک کێشەیەکی هزری لێی کۆڵراوەتەوە و بووەتە کەرەستەی تێفکرینی فەیلەسووفان. (بە لای ئەرستۆوە )من) و (ئەوی تر) دەمانەوێت تێکڕای گەردوون لە وێنەی خودی خۆماندا ببینین و لە دیدی (من) و (ئەوی تر)ەوە هەموو شتێک هاوڕێک و هاومانا بێت لەگەڵ خودی خۆماندا)((٣٠، ٢٠٠٩، Ethics، لەناو فەلسەفەی یۆنانیدا پێوەندیی (من) و (ئەوی تر) ئامادە بووە، لە کاتی باسکردنی چەمکی (من) و (ئەوی تر)دا پێویستە ئاماژە بە سەرەتاکانی ئەم زاراوەیە بکرێت، کە بۆ فەیلەسووفانی یۆنان و بەتایبەت بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە کە لە بەشی نۆیەمی کتێبی پێنجەمی میتافیزیکدا، کاتێک دەڵێت: ئەوانی تر مانای جیاوازی و لێکچوونەکانی ئێمەن، هەر بۆیە لێرەدا باشترین پێناسە ئەوەیە بۆ ئەوەی خودی خۆت بناسی، پێویستت بە ناسینی ئەوانی ترە. مەبەست لێرەدا ئەوەیە ئایا بوونی خود بێ ئەوانی تر مانایەکی هەیە؟

وەڵام نەخێرە، چونکە هەر کەسێک واقیعییانە بێت یان خەیاڵی، هەمیشە بە شێوەیەکی خۆڕسک من لەوانی تر جیا دەکاتەوە. هەمیشە شوناسی خود یان ئەو وابەستەی ئەوانی تر دەکات، هەر بۆیە دەبینرێت ئەم چەمکە ڕەنگدانەوەی لەسەر شێوازی پەیوەندییەکان و هەڵکردن و بەردەوامیدان بە پێکەوەبوونی مرۆڤەکان دەبێت، (تا بەتەواوی دەگاتە سەرجەم کایەکانی وەک ئایینی، نەژادی، نەتەوەیی، چینایەتی و بابەتە فەرهەنگییەکانی تر، دواتر ئەم چەمکە لای هیگڵ، هایدیگەر، سارتەر و تا دوایی بە ڕوونتر و لە دیدگا و ڕەهەندی جیاوازەوە باسی لێوەدەکرێت)(ئەحمەدی، ١٣٨٩، ١٥٥).

چەند سەدەیەک دواتر لە فیکری ئەورووپیدا (دێکارت) ئەم پێوەندییەی کردووەتە کێشەیەکی ئیپستمۆلۆجی. ئەو گومانەی دێکارت لە فەلسەفەکەیدا دەیکاتە سەرمەشقی ڕوانینی خۆی بۆ گەیشتن بە یەقینی عەقڵیی ڕوون، وای لێ دەکات دەرەوەی خود، چ ماتریاڵی بێت یان مۆراڵی، گوێ پێ نەدات بەو گومانەی کە لە کۆجیتۆکەیدا (من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم) دەردەکەوێت، جەخت لەسەر مەعریفەی ڕوون و خالیس دەکاتەوە، ئەو مەعریفەیەیش هەم لە بەرامبەر یەقینی عەقڵی ڕوون ئامادەیە، واتە ئەو مەعریفەیە هەم بەتەواوی لە بەرانبەر ئەو عەقڵەدا وەستاوە، هەم جوودایە لە هەر مەعریفەیەکی تر. بۆ دێکارت بوونی (ئەوی تر) بۆ خود گرنگ نییە تا بە هۆیەوە خۆی بناسێت. (بە لای دێکارتەوە هەر شتێک بکەوێتە دەرەوەی سنووری خودی منەوە، پێوەندیی بە منەوە نییە، چونکە ئەستەمە بەو شێوەیە بیناسم، کە خۆم دەناسم)(دیکارت، ٢٠٠٧، ٢٥). بەڵام لای (هۆسێرڵ) بۆ ئەوەی خود دنیا بکاتە بابەت، پێویستی بە (ئەوی تر)ـە، بە بۆچوونی هۆسێرڵ، ئەو

(ئەوی تر)ـە خودێکە لە وێنەی (من) بە تایبەتمەندیشی جیاواز بێت، لێرەدا (من) بە شێوەی ڕاستەوخۆ هەست بە خۆی و بە شێوەی ناڕاستەوخۆیش هەست بە ئەو دەکات، (کەواتە ئەوی تر نە بابەتە و نە خودێکی سەربەخۆ، بەڵکوو خودێکی هاوشێوەی (من)ـە)(تودورف، ١٩٩٩، ٦٧). لای (هیگڵ)یش بێ بوونی (ئەوی تر)، خود هیچ زانینێکی لە بارەی خۆیەوە دەست ناکەوێت، ئەو خودەیش بەندە بەوەی ئەوانەی تر ددانی پێدا بنێت. چونکە هەر شتێک دژێکی دەبینێت، کە ئەمە بە مەرجی بوون و بەردەوامیی ئەو بوونە دەزانێت، بە لای هیگڵەوە (من) بە هۆی دژەکەیەوە، کە (ئەوی تر)ـە؛ هەیە، بەمەیش ئەو (من)ـە لەو گۆشەگیریی ئۆنتۆلۆجی دەردەهێنێت، هەر ئەوەیشە دەرەنجام دیالێکتیکی کۆیلە و ئاغا (Master–slave dialectic) لای هیگڵ دەردەکەوێت، (هیگڵ لە خودئاگاییی دەکۆڵێتەوە، هەوڵ دەدات ئەوی ترێک دابمەزرێنێت کە پەراوێز نەخرێت، نە زاڵ بێت و نە نکوڵی لێ بکرێت. ئەوەی ئەو پێمان دەبەخشێت، بەدیلێکی ئەوەیە کە هەوڵی وێرانکردن یان هەڵوەشاندنەوەی ئەوی تر دەدات)(٢٤، ١٩٨٨، kain )، بەڵام لای هایدیگەر خود نامێنێت کاتێ لەگەڵ (ئەوانی تر)دا دەبنە خاوەن ئەدگاری هاوبەش، چونکە جیاوازییەکانی دەسڕێنەوە و دەبێ بە خاوەنی شتگەلێک کە بەوانی تری گرێ دەدەن، بەمەیش ئەوانی تر دەبنە فەرماندەری ئەو خودە و بوونی ئەو (ئەوی تر)ـە لەم هاوکێشەیە مەترسییە بۆ سەر (من). ئەوانی تر، ئەوانەن کە مرۆڤ ناتوانێت خۆی لێیان جیا بکاتەوە، بە وتەی هایدگەر، مەبەست لەوانی تر هەموو کەسێکی تر نییە جگە لە (من) ئەوانەی کە (من) لە بەرامبەریاندا جیاوازە، (ئەوان بەڵکوو ئەوانەن کە لە زۆربەی کاتەکاندا مرۆڤ خۆی لێیان جیا ناکاتەوە، ئەوانەی کە مرۆڤ

زۆر لەنێویاندایە. بە هۆی ئەم بوونە لە جیهاندا، جیهان هەمیشە ئەو جیهانەیە کە (من) لەگەڵ (ئەوانی تر) هاوبەشە)((٢٢٤، ١٠١٨، Kant، بەڵام پێوەندیی (من) و (ئەوی تر) لای (سارتەر) سامناکە، سارتەر بە دۆزەخی دەچوێنێت، چونکە (من) دەخرێتە دواوە، دەکرێتە بابەت و ئازاد نییە، بە پێی بیرکردنەوەی سارتەر کە لە کارە ئەدەبییەکانیشیدا ڕەنگیان داوەتەوە، سڕینەوەی (ئەوی تر)ـە مەرجی بوونی هەر خودێکە. پێوەندیی نێوانیان پێوەندیی (خود) و (بابەت)ـە. هەر یەکەی سنوور بۆ ئازادیی ئەوەی تریان دادەنێت، (مێرلۆ پۆنتی)بە پێچەوانەوە وای دەبینێت (من) و (ئەوی تر) یەکتر دەکەن بە بابەتی یەکتر، چونکە دایەلۆگ لەگەڵ یەک دەکەن و هەست دەگۆڕنەوە، بە هۆی دایەلۆگەوە خود و (ئەوی تر) بە یەکدەگەن و هەر دوو لا لە خاڵێکی هاوبەشدا بەر یەک دەکەون.

(سارتەر) دیسان لەم بۆچوونە جیا دەبێتەوە، لە کاتێکدا ئەو، ئەوی تر بە نەگەتیڤ سەیر دەکات و پێی وایە لەگەڵ (من)دا لە کێبڕکێ و ململانێدایە، هەر یەکیان ئەوی تریان بە شت و بابەت بزانن، ئەم پێوەندییە لە ئاستی دەرەوەدا بێ و نەگاتە ناوەوە، بەڵام ئەمە مانای وا نییە (ئەوی تر) لای (سارتەر) گرنگ نەبێ، چونکە ڕسکاندنی هۆشیاریی خود و ئازادی لەم پێوەندییەوە دەبێت.

بە لای (هیگڵ)ـەوە ململانێی (من) و (ئەوی تر) دەبێتە هۆی گەشەکردنی هۆشیاری، چونکە هۆشیاریی (من) دەکەوێتە کێبڕکێ لەگەڵ هۆشیاریی (ئەوی تر)، لێرەوە گرنگیی زمان دێتە ئارا، زمانی من وەک چۆن زمانی ئەوی تریش فراوان دەبێ و ڕووبەری زیاتر بۆ تەعبیر و دەربڕینی خودی بۆ دەستەبەر دەبێ، چونکە وەک چۆن (مێرلۆ پۆنتی) وای لێک

دایەوە (من) و (ئەوی تر) بەتەواوی لیک جوودان، بە هۆی دایالۆگەوە دەکرێت لە خاڵی هاوبەشدا پێک بگەن، لێرەوە تێ دەگەین تێگەییشتن لە ئەوی تر دەوەستێتە سەر هۆشیاری، هۆشیاری دەشێت سەرەتا هەم ناتەواو بێت و هەم بە وەهم دەورە بدرێت، دوورکەوتنەوەی (من) و (ئەوی تر) یان گەرم نەبوون و چڕنەبوونەوەی دایالۆگ هەمیشە بە زیادبوونی پانتاییی وەهمەکان کۆتایی دێت، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی سەیرکردنی (من) بۆ (ئەوی تر)، یان بەکەمزانین و سڕینەوە، یان ئیعجاب و پەرستن. یان بە دۆستی بزانێت یان دوژمن.

پێوەندیی نێوان (من) و (ئەوی تر) لە دنیابینیی چەند فەیلەسووفێکەوە بابەتێکی پڕبایەخ و جێی مشومڕە، بۆ (هیگڵ) بێتوو (ئەوی تر) نەبێت، خود توانای زانیاریی لەسەر خۆی نییە، ئەو خودە بەوانی ترەوە پێوەستە و چاوەڕێیە دەبێت ئەوانی تر دانی پێدا بنێن، لەم دیدگایەی هیگڵەوە هەموو شتێ سەرچاوەی بەردەوامی و بەهێزییە لە دژەکەیدا، بۆیە خود بە هۆی ئەم (ئەوی تر)ەوە سەلماندنی خۆی مسۆگەر دەکات و لە کێبڕکێکانەوە پەرە دەسەنێت، دیالەکتیکی پێوەندیی نێوان کۆیلە و ئاغا لای هیگڵ نموونەی ئەم باسەیە، بەڵام بۆ (هایدیگەر) خود کە لەگەڵ ئەوانی تردا ڕوخساری هاوبەش دروست دەکات، دیار نامێنێت و ئەدگار و خاسیەتەکانی لە دەست دەدات. (ژان پۆل سارتەر)یش پێوەندی (من) و (ئەوی تر) دەباتە ئاستێکی ترسناک و خراپەوە بەوەی (من) دەبێتە بابەت و لە خودێتی دەکەوێت و ئازادیی نامێنێت.

دوای ئەو فەلسووفانە (ئیمانوێل لیڤیناس) بەچڕی لە پێوەندیی (من) و (ئەوی تر)ی کۆڵیوەتەوە، (ئەوی تر) لە دیدی (لیڤیناس)ەوە بە هۆی ڕووخسارەوە خۆی نیشانی سوبێکت دەدات و پاشان لەڕێگەی

«وتن»ـەوە، دەیەوێت لە توندوتیژی دووری بخاتەوە فەرمانی «مەکوژە»ی بەسەر بچەسپێنێت. ئەم ویستەی سوبێکت کە ئەوی تر بۆ ئەوەیە هەتا «بەرپرسیارێتی»ی ئەوی تر قەبووڵ بکات. فەلسەفەی (لێڤیناس) بە فەلسەفەی ئەخلاق ناسراوە، (لێڤیناس پێی وایە ئەخلاق هیچ شتێک نییە جگە لە، لەپێوەندیدابوون لەگەڵ ئەوی تردا؛ پێوەندی بە ئەوی ترەوە، تەنها بەرپرسیارێتییە بەرامبەر ئەوی تر)(لویناس، ١٣٨٧، ١١١). (من) ئەگەر سنووری بەرپرسیارێتیی خۆی نەزانێت، ئەوە لە ڕووبەری ئەخلاقدا نەماوە، (بۆیە لێڤیناس پێی وایە (من) لە بەرامبەر (ئەوی تر)دا خاوەن بەرپرسیارێتییەکی ڕەهایە، کە ئەو بە«بەرپرسیارێتیی ناکۆتا» ناوی دەبات)(علیا، ١٣٨٨، ١٥٧). واتە (من) تەنانەت لە بەرامبەر شتێک کە نەیکردوە و بگرە لایشی گرنگ نییە، بەڵام هەر بەرپرسە. («بەرپرسیارێتیی ناکۆتا»، بابەتێکی لەمێژینەی سەر شانی منە، وەک جەوهەرێک «منێتی»ـی من دەخولقێنێت؛ منێتی واتا لە بەرپرسیارێتیی ڕانەکردن)(علیا، ١٣٨٨، ١٥٨). بە کورتی واتە لێڤیناس پێی وایە، من لە بەرامبەر ئەوی تردا هەر بەرپرس نییە، بەڵکوو منێتی هیچ نییە جگە لە بەرپرسیارێتی! ئەویش چۆن: بەرپرسیارێتییەکی ناکۆتا.

هەرچەند بابەتی (من) و (ئەوی تر) و پێوەندیی نێوانیان لای زۆر فەیلەسووفی تر و لە ئاستی تر لێی کۆڵراوەتەوە، لەوانە فەیلەسووفی دەروونشیکاریی سەدەی بیست (جاک لاکان) دوای خوێندنەوەی (فرۆید) و بە سوودوەرگرتن لە (هیگڵ) لە چەمکی ئەوی ترەوە پۆلێنکاری و چەمکی نوێ دادەهێنێت، کە ئێمە لێرە درێژکردنەوەی ئەم باسە تیۆرییە هەر هێندە بۆ باسەکەی خۆمان بە پێویست دەزانین،

دەمانەوێت لەم باسە تیۆرییە سوود وەربگرین و وەڵامێک بۆ توێژینەوەکەی خۆمان بە دەست بهێنین: دۆزینەوەی وەڵامێک بۆ پرسیاری: **صافی ئەم هەموو شیعرەی بۆ بە زمانی ناکوردی نووسیوە؟** شیعر نووسینی شاعیرێکی کورد بە زمانێکی تر، بە پێوەندیی نێوان (من) و (ئەوی تر) لێکی دەدەینەوە، سەرەتا منی شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی شیعرنووسین بە زمانی ئەوی تر، خۆی وەک شاعیر یان وەک کوردێک بسەلمێنێت، بەڵام کە دوا جار ئەمە سەر ناگرێت و خۆسەلماندن نایەتە کایەوە، شیعرنووسینی شاعیری کورد بە زمانی ئەوی تری ناکورد دەبێتە توانەوە، بۆیە دەڵێین، لە خۆسەلماندنەوە بۆ توانەوە، کە هەوڵ دەدەین لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا بە سوودوەرگرتن لەو سەرەتا تیۆرییە ڕوونی بکەینەوە.

**بەشی دووەم: سافی ئەو شیعرانەی بۆ بە زمانی ناکوردی نووسیوە؟**

**سەرەتا:**

سافیی هیرانی یان صافی (١٨٧٣-١٩٤٢) وەک لە سەر بەرگی چاپە جیاوازەکانی دیوانەکەی بەو شێوەیە هاتوە و، فۆنیمی (ص)ـی عەرەبی بەکار هاتوە،[٢] وەک زانیارییەکی سەرەتایی ئەم شاعیرە، سەرجەم

[٢]- (ص) لە زمانی کوردیدا بە فۆنیم دانانرێت، چونکە ئەم دەنگە لە زمانی کوردیدا مانا ناگۆڕێت، واتە هیچ وشەیەکمان نییە، گەر لەبریی (س) بنووسرێت (ص) مانای وشەکە بگۆڕێت، بۆیە ئەم دوو دەنگە لە زمانی کوردیدا بە ئەلۆفۆن دادەنرێت، ئەلۆفۆنی یەکتری بەو دەنگانە دەگوترێن، کە ناتوانن ببنە فۆنێمی سەربەخۆ، بەڵکوو بە هەموویان دەبنە وێنەی یەک دەنگ و بە لەبریدانانیان گۆڕانکاریی بەسەر مانای وشەکاندا نایەت، بۆیە لێرەیشدا ناوی شاعیرەکەمان چ بە (س) بنووسرێت، یاخود (ص) هیچ لە مانای وشەکە

سەرچاوەکان کە باسی ژیانی دەکەن، دەڵێن کورد بووە، ئەوەیش هیچ بەڵگە و سەلماندنێکی ناوێ کە شاعیرێکی کورد بوو، (صافی ساڵی ١٨٧٣ لە گوندی هیرانی سەر بە قەزای شەقڵاوە لە دایک بووە، عەبدوڵڵای باوکی سافی کوڕی عەلی کوڕی کاک مستەفای هیرانییە، صافیی شاعیر سەرەتا لای باوکی بە خوێندنی ئاییینی فێری خوێندەواری بووە)(خەزنەدار، ٢٠٠٥، ٣٢٥)، واتە کوردێک فێری خوێندەواریی کردوە، دواتر کە بەباشی فێری خوێندن بووە، بۆ گەشەدانی بە زانست و توانای ڕۆشنبیریی خۆی، (صافی چووە بۆ کۆیە، هەولێر، ڕەواندز و گوندی سەران و لەو شوێنانە لای کەسانی وەک مەلا ئەحمەدی ڕەش و مەلا ئەحمەدی ئۆمەر گوبەتی خوێندوویەتی، صافی بەوەندە قایل نابێت و مەیلی خوێندنی زیاتر وای لێ دەکات سەر لە کوردستانی ئێران بدات و لەوێ لە لاجان، سابڵاغ و پەسۆی فەقێیەتیی کردوە، ئینجا لە مەهاباد ماوەیەکی زۆر ماوەتەوە و لە مزگەوتی شادەرویش لە لای قازیی عەلیی باوکی قازی محەمەد خوێندوویەتی)(خەزنەدار، ٢٠٠٥، ٣٢٥)، هەموو ئەو سەردان و گەشت و گەڕان و خولیای خوێندنی زیاتر لە پانتایی و ڕووبەری ناوچە کوردییەکاندا ناچنە دەر و ئەوانەیشی فێری خوێندن و زانستەکانی کردوون، هەر مامۆستا و مەلا و کەسایەتیی کوردی بوون، ئەم

---

ناگۆڕێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر چاپە جیاجیاکانی دیوانەکەی خۆی، ناوی شاعیر بە (صافی) هاتوە و فۆنیمە عەرەبییەکە نووسراوە و نیشان دراوە و هەر ئەمە کراوە بە فۆرمی ناوی ئەم شاعیرە، بۆیە ئێمە لێرەدا ئەو فۆرمە دەپارێزین و وەک خۆی دەینووسینەوە، دەنا پێمان وایە گەر بیشنووسرێت (سافی) هیچ کێشەیەک دروست نابێت، لە زمانی کوردیدا (س) و (ص) دوو فۆنیمی جیاواز نیین، بەڵکوو ئەلۆفۆنی یەکترن.

سوودوەرگرتنەمان لە ژیانی صافی لە سەرچاوەکانەوە لەوێوە بە پێویست زانرا و بە تایبەت بۆ ئەوە بوو، تا ئەو پانتایی و کەشوهەوا و بارودۆخە ڕوون بێت کە تێیدا شاعیر فێری خوێندەواری بووە و گەشەی بە ئاستی زانین و ڕۆشنبیریی خۆی داوە، هەر ئەمەیش بووە بە بنەمای شیعرنووسین و بوونی صافی بە شاعیر.
کاتێ دەمانەوێت چاوێکی خێرا بە دیوانی صافی بخشێنین، شتێکی نە سەیر، چونکە بۆ زۆر لە دیوانە کوردییە کلاسیکییەکان تووشی ئەو حاڵەتە دەبین و نە نامۆ دێتە بەر دیدەمان، ئەویش بوونی ژمارەیەکی زۆر شیعرە بە زمانی ناکوردی، لە دوایین چاپی دیوانی صافی (کاک مصطفی کوڕی کاک عبداللەی هیرانی)، لە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی (محمدی مەلا مصطفی هیرانی)یە و ساڵی ٢٠٠٤ز لە شاری هەولێر چاپ کراوە، نزیکەی ٢٠٠ لاپەڕە لەم دیوانە تایبەتە بە بەشەکانی فارسی و تورکی و شیعرەکانی بەو زمانە تێدایە، ئەم شیعرە ناکوردییەکانە بە زمانی ئەو نەتەوانە نووسراون کورد بەهاوبەشی لەم ناوچەیە لەگەڵیاندا دەژی، پێویستە پرسیاری سەرەکیی ئەم بەشە و خودی کرۆکی توێژینەوەکەیش بهێنینەوە ئارا (**سافی ئەو شیعرانەی بۆ بە زمانی ناکوردی نووسیوە؟**) بە دوای ئەو پرسیارەدا بە پێویستی دەزانین بە شێوەیەکی جیددی بیر لەوە بکەینەوە بوونی ئەو هەموو شیعرە ناکوردییە لە دیوانی شاعیرێکی کورد (صافی هیرانی)دا بۆ چی دەگەڕێتەوە، ئایا هەر هێندە بەسە کە بە بیرکردنەوە تەقلیدییەکەی پێشتر وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە و بەئاسانی دووبارەی بکەینەوە و بڵێین:

١- بۆ شاعیر و خوێندەواری کورد بە گشتی، ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمانە هەر ڕۆشنبیریی نەتەوە سەردەستەکان بووە و لەڕێگەی زمانی ئەو نەتەوانەوە کە حوکمی کارگێڕی و سیاسییان کردوە و ئەوان دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا بوون، کورد فێری خوێندنەوە و نووسین بووە.
٢- هەر بە هۆی دۆخە سیاسی و کارگێڕییەکەوە، زمانی ئایینیی باڵادەست لای کورد، زمانی کوردی نەبووە و بە هۆی پیرۆزیی ئەم زمانە ئایینییەوە، کورد بەو زمانە لە حوجرە و خانەقا و مەدرەسە ئایینییەکان فێری نووسین و خوێندنەوە بووە و دواتر شیعر و نامە و یاداشت و بابەتی تری بەو زمانە نووسیوە.
٣- بە هۆی بەهێزیی خاڵی یەکەم و دووەم، لەو سەردەمانەدا نووسینی شیعر بە زمانی ناکوردی وەک جۆرێک لە توانایی شاعیر لێک دراوەتەوە و بوونی چەندین شیعر بە زمانەکانی عەرەبی یان فارسی و تورکی گوزارشت بووە لە لێهاتوویی شاعیر و هەستی شانازی و بەخۆنازینی شاعیران بۆ زمانزانییان.
بە پشتبەستن بە زەمینە تیۆرییەکەی بەشی یەکەم، هەوڵ دەدەین بە دوای ئەو پرسیارەدا بچین، کە صافیی شاعیر ئەو هەموو شیعرەی بۆچی بە زمانی ناکوردی نووسیوە؟ صافی بە دووسەت لاپەڕە شیعر کە لە دیوانەکیدا هەن، بە زمانی تر هەوڵی داوە چ مەبەست و ئامانجێک بپێکێت؟ ئایا توانیویەتی ئەوە بکات کە دەیەوێت؟ چونکە ئەگەر بە زمانی دایک شێوەی بیرکردنەوە و هەستیاری و سۆزداریی مرۆڤ چرۆ بکات، ئەی ئەم لایەنانە کە ڕەگەزی دیاری شیعرن، چۆن لە شیعرێکدا کە بە زمانی دایک نەبێت، دێنە بوون؟ ئەگەر زمانی دایک کە

زەمینەی دروستکردنی خودە لە بەرهەمهێنان و سەرهەڵدانی هزر و توانا هۆشەکییەکانی منداڵدا ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێ، ئەی بە زمانی دوەم کە صافی و چەندین شاعیری کوردی تر شیعری پێ دەنووسن، ئەم لایەنانە لە شیعردا چۆن بەرجەستە دەبن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، هەوڵ دەدەین ئەوە لەو پێوەندییەدا بە میتۆدێکی ڕەخنەی شیکاری بەرجەستە بکەین کە (من) و (ئەوی تر) پێکەوە دەبەستێتەوە، نووسینی شیعر بە زمانی بێگانە و خولیای خوێندنەوەت وەک شاعیری کورد لە لایەن ئەوانی تری ناکوردەوە، سەرئەنجام ئەوە بە هەوڵی شاعیری کورد دەزانین بۆ خۆقوتارکردن لە گۆشەگیریی ئەنتۆلۆجی، کە دوا دەرئەنجامگیرییش بەداخەوە دەبێت بڵێین، ئەم هەوڵە سەری نەگرتوە، لە جیاتیی خۆسەلماندن بۆ ئەوی تر، بە توانەوە کۆتایی هاتوە، کە لێرەدا زیاتر بە دواییدا دەچین و لێی دەکۆڵینەوە.

**زمانی دایک و شیعرنووسین:**

بۆ دەبێت شاعیر بە زمانی دایک شیعر بنووسێت؟ یان گرنگیی زمانی دایک بۆ شاعیر و شیعرنووسین چییە؟ لە وەڵامدا دەڵێین دەبێت شاعیر بە زمانی دایک شیعر بنووسێت و زمانی دایک بۆ شاعیر و شیعرنووسین زۆر گرنگە لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

١- نەک هەر بۆ شاعیر بەڵکوو بۆ هەموو مرۆڤێک لە منداڵی و سەرەتای تەمەنەوە، زمانی دایک زەمینەی ڕسکاندنی شێوەی هزرین و هەستیاری و سۆزداریی مرۆڤە، ئەمانەیش بۆ شاعیر دەبنە بنەماکانی کەسێتیی شاعیر، شیعرنووسین بە زمانێک کە زمانی دایک نەبێت، هەنگاوێک لە سۆز و ئیحساسی مرۆڤانە دوور دەکەوێتەوە، چونکە سۆز و هەڵچوون و باری تایبەتیی کەسی بە شێوەی ڕاستەوخۆ مرۆڤ

دەریان دەبڕێت، زمانی دایک هۆکاری ئەم ڕاستەوخۆییە لە دەربڕین و بە گواستنەوەی ئەم حاڵەتانە بۆ زمانی دووەم و زمانێک کە دایکی نەبێت لە پێکهاتەی شیعردا دەبنە وێنە و نمایشی دەستکرد و بەزۆر سازدراو و لە ڕووی مەعنەوی و ڕۆحییەوە بێ گیانن.

٢- نەک هەر بۆ شاعیر بەڵکوو بۆ هەموو مرۆڤێک، زمانی دایک لە شێوەکردن و گەشەکردنی فیکر و توانا عەقڵییەکانی منداڵدا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە و بۆ شاعیریش ئەمە گرنگە ڕێچکەی زانستی و دروستی خۆی بگرێت.

٣- نەک هەر بۆ شاعیر بەڵکوو بۆ هەموو مرۆڤێک، زمانی دایک منداڵ زیاتر بە بنەماڵەوە هۆگر و پێوەست دەکات، بە دایک و باوک و نەنک و باپیرەوە دەبەستێتەوە، زمانی دایک ڕایەڵی پتەوی نێوان نەوەکانە. بە بڕوای (بیەر بوردیو): (زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێت کە لە ڕێگەی فێرکارییەوە دەخوڵقێت)(بوردیو، ١٩٩٣، ٦٧).

٤- زمانی دایک تۆمارکەر و پارێزەری کولتوورە، بۆ شاعیریش وەک هەر مرۆڤێکی تر ئەمە گرنگە و زمانی دایک ڕسکێنەری کولتووری ئیتنیکی و پێوەست بە مرۆڤە کە ڕیتمێکی ئاسایی و لەسەرخۆی هەیە بۆ گەورەبوون، شاعیر بەشێکی گەورە لە دنیابینیی خۆی لە کەلتوورەوە وەردەگرێت.

٥- نەک بۆ زماناسان بەڵکوو بۆ هەموو ئەوانەی گرنگیی زمان دەزانن، لایان ڕوونە کە زمانی دایک بەر لە هەر شتێک سەرمایەیەکی مرۆییە، هەموو دەزانین کە هەر زمانێکی جیهان دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆزە و دەرکەوتەیەکی گرنگی هزری و مێشکیی مرۆڤە، گەر سەرپێیی سەیری

بکەیـن دەزانـین کە ئەم پێکهـاتەیە بە هەزاران سـاڵ گەییشـتووە بەم دۆخەی کە ئێستا هەستی پێ دەکەین و بەکاری دەهێنین. تێگەیشتن لە میکـانیزمی کـارکردنی ئەو زمـانە دەبێـتە ئاسـۆیەک بـۆ تێگەیشـتن لە مێشکی مرۆڤ و قەوارە کۆمەڵایەتییەکانی تر. زمان وەک سەرمایەیەکی مرۆیـی ڕۆڵێکـی گرنـگ لە دروسـتکردنی گوتـار «گوتـاری مێژوویـی، گوتـاری نەتەوەیـی، گوتـاری ڕاگەیانـدن، گوتـاری یاسـایی... هتـد» دەگێڕێــت. (گوتارناســان پێیــان وایە گوتــار بە واتــای زمــان لە بەکارهێندانـدایە)(٣، ٢٠٠٦، Woods). گوتـار بەکارهێنـانی زمـانە وەک بابەتێکی کۆمەڵایەتی. چەمکی گوتار ئەم ڕەهەندانەی هەیە:

١- گوتار وەک هەر شتێک لە ڕستە بەولاتر.

٢- گوتار وەک بەکارهێنانی زمان

٣- گوتــار لە واتــایەکی فراوانتــردا، وەکــوو ئەکتــی کــۆمەڵایەتی دەناسێنریت.

## صافیی شاعیر ئەم شیعرانەی بۆچی بە زمانی تر نووسیوە؟

لەسـەر ئەو بنەمـا تیـۆرییەی کە لە بەشـی یەکەم بـۆ پێوەنـدیی (مـن) و (ئەوی تـر) ڕوونمـان کـردەوە، دەکرێت بڵێـین مـن (منـی شـاعیر) لەگەڵ ئەوی تـر (نـاکورد: عەرەب یـان فـارس یـان تـورک) لەم هاوکێشـەیەدان، شـاعیر بە نیـازە ئەم پێوەنـدییە دابمەزرێنێـت، ئەویـش بـۆ ئەوەی لەم بەشـەدا بە پشتبەسـتن بە زەمینە تیـۆرییەکەی بەشـی یەکەم (پێوەنـدیی من و ئەوی تر)، وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، کە صـافیی شـاعیر ئەو هەمـوو شـیعرەی بـۆچی بە زمـانی نـاکوردی نووسـیوە؟ ئایـا صـافیی هیرانــی هەوڵــی داوە چ مەبەســت و ئامانجێــک بپێکێــت؟ پاشــان ئایــا

توانیویەتی ئەوە بکات کە دەیەوێت، چونکە ئەگەر بە زمانی دایک شێوەی بیرکردنەوە و هەستیاری و سۆزداریی مرۆڤ چرۆ بکات، ئەی ئەم لایەنانە کە ڕەگەزی دیاری شیعرن، چۆن لە شیعرێکدا کە بە زمانی دایک نەبێت، دێنە بوون؟ ئەگەر زمانی دایک کە زەمینەی دروستکردنی خودە لە بەرهەمهێنان و سەرهەڵدانی هزر و توانا هۆشەکییەکانی منداڵدا ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێ، ئەی بە زمانی دووەم کە شاعیرێ شیعری پێ دەنووسێت، ئەم لایەنانە لە شیعردا چۆن بەرجەستە دەبن؟ ئەو پێوەندییەی کە من (منی شاعیر) لەگەڵ ئەوی تر (ناکورد: عەرەب یان فارس یان تورک) لەم هاوکێشەیەدا پێکەوە دەبەستێتەوە، لای شاعیر بۆ ئەو ئامانجەیە کە لەو گۆشەگیرییە (گۆشەگیریی ئەنتۆلۆجی) ڕزگاری ببێت کە بریتییە لە نەبینین و نەخوێندنەوە و دانپێدانەنان لە لایەن ئەوی ترەوە، بەڵام دەبێ بپرسین و بە دوای ئەوەدا بچین ئاخۆ ئەم هەوڵەی شاعیر سەری گرتوە و سەرکەوتوو بووە، ئەوەی ویستراوە کە خۆسەلماندن بووە، بەدی هاتوە یان بە ئەنجام و کۆتاییی تر گەیشتوە.

پێشتر باسمان کرد کە بە لای ئەرستۆوە )من و ئەوی تر) دەمانەوێت تێکڕای گەردوون لە وێنەی خودی خۆماندا ببینین و لە دیدی من و ئەوەوە هەموو شتێک هاوڕێک و هاومانا بێت لەگەڵ خودی خۆماندا، ئەوانی تر مانای جیاوازی و لێکچوونەکانی ئێمەن، هەر بۆیە لێرەدا باشترین پێناسە ئەوەیە بۆ ئەوەی خودی خۆت بناسی، پێویستت بە ناسینی ئەوانی ترە، بەڵام لە پێوەندیی من (منی شاعیر) لەگەڵ ئەوی تر (ناکورد: عەرەب یان فارس یان تورک) دا، ئەم دیدە دیار نییە، من (منی شاعیری کورد) نایەوێ تێکڕای گەردوون لە وێنەی خودی خۆیدا

ببینێت، بەڵکوو دەیەوێت خۆشی بەو چاوەوە ببینرێت کە ئەوی تری (ناکورد: عەرەب یان فارس یان تورک) دەیبینێت، واتە من و ئەو لێرەدا هەر یەکەمان خاوەنی دیدی سەربەخۆ و گوتاری جیا نین، بەڵکوو دیدی من (منی شاعیری کورد) لە ناو دیدی ئەوی تری (ناکورد: عەرەب یان فارس یان تورک)دا تواوەتەوە، لەبریی ئەوەی لە دیدی من (منی شاعیری کورد) هەموو شتێک هاوڕێک و هاومانا بێت لەگەڵ خودی خۆماندا، دێین خۆمان هاوڕێک و هاومانای دیدی ئەوی تری ناکورد دەکەین لە پێناو خۆسەلماندن بۆی و دانپێدانانمان لە لایەن ئەو (ئەوی تری ناکورد)ـەوە، من (منی شاعیری کورد) ئەوی تری (ناکورد: عەرەب یان فارس یان تورک) وەک خاوەنی جیاوازی و لێکچوونەکانی ئاسایی نابینێت، بەڵکوو جیاوازییەکانی خۆی دەسڕێتەوە و بە دید و دنیابینیی ئەو شیعر دەنووسێت. ئەگەر باشترین پێناسە ئەوە بێت لە دیدی ئەرستۆوە بۆ ئەوەی خودی خۆت بناسی، پێویستت بە ناسینی ئەوانی ترە، بەڵام من (منی شاعیری کورد) نایەوێت ئەوانی تر بناسێت، بەڵکوو دەیەوێت خۆی وەک ئەوانی تر لێ بکات و لە خودی خۆی هەڵبێت و لە ناسینی خۆی دوور بکەوێتەوە.

کاتێکیش پێچەوانەی ئەرستۆ، (دێکارت) پێوەندیی من و ئەوی تری کردووەتە کێشەیەکی ئیپستمۆلۆجی، لای من (منی شاعیری کورد) ئەم پێوەندییە بەو جۆرە لە ئارادا نییە. دێکارت مەبەستیەتی ئەو ئیعتیبارە زۆرە بۆ بوونی (ئەوی تر) دانەنێت تا بە هۆیەوە (من) خۆی بناسێت، بە لای دێکارتەوە هەر شتێک بکەوێتە دەرەوەی سنووری خودی منەوە، پێوەندیی بە منەوە نییە، چونکە ئەستەمە بەو شێوەیە بیناسم، کە خۆم دەناسم، بەڵام لێرەیشدا لە پێوەندیی من (منی شاعیری کورد) و ئەو

(ئەوی تری ناکورد) بەو شێوەیە نییە، چونکە من (منی شاعیری کورد) ئیعتیبار و بایەخی زۆر بۆ ئەو (ئەوی تری ناکورد) دادەنێت. ئەم پێوەندییەی نێوان من (منی شاعیری کورد) و ئەوی تری (ناکورد: عەرەب یان فارس یان تورک) وەک ئەو بۆچوونەی (هۆسێرڵ)یش نییە کە بۆ ئەوەی خود دنیا بکاتە بابەت، پێویستی بە (ئەوی تر)ـە، چونکە من (منی شاعیری کورد) نایەت ئەوی تری (ناکورد: عەرەب یان فارس یان تورک) بکاتە بابەت، بەڵکوو خۆی دەکاتە بابەتی ئەوی تری (ناکورد: عەرەب یان فارس یان تورک) لای هۆسێرڵ، ئەو (ئەوی تر)ـە خودێکە لە وێنەی (من) با تایبەتمەندیشی جیاواز بێت، لێرەدا (من) بە شێوەی ڕاستەوخۆ هەست بە خۆی و بە شێوەی ناڕاستەوخۆیش هەست بەو دەکات، کەواتە ئەوی تر نە بابەتە و نە خودێکی سەربەخۆ، بەڵکوو خودێکی هاوشێوەی (من)ـە. بەڵام ئەم دیدە لە پێوەندیی من (منی شاعیری کورد) نایەت ئەوی تری (ناکورد: عەرەب یان فارس یان تورک) ئامادە نییە، چونکە من (منی شاعیری کورد) هاوشێوەی ئەوی تری (ناکورد: عەرەب یان فارس یان تورک) خۆی نابینێت لای من (منی شاعیری کورد)، ئەوی تر هاوشێوەی من نییە.

کاتێک (هیگڵ) پێی وایە بێ بوونی (ئەوی تر)، خود هیچ زانینێکی لە بارەی خۆیەوە دەست ناکەوێت، من (منی شاعیری کورد) هیچ زانینێکی لە بارەی خۆیەوە لەوانی تر دەست ناکەوێت، چونکە من (منی شاعیری کورد) دڵنیا نییە و نازانێت، ئەوی تر دەیبینێت و دەیخوێنێتەوە، هەموو هەوڵی دانپێدانانی لە لایەن ئەوی ترەوە ناکامە، (هیگڵ) پێی وایە ئەو خودەیش بەندە بەوەی ئەوانەی تر دانی پێدا بنێت، بەڵام ئەوی تری ناکورد هێشتا بە هۆی ئەم شیعرە ناکوردییانە دانی پێدا نەنراوە، بۆیە

هیگڵ بۆ هەر شتێک دژێکی دەبینێت، کە ئەمە بە مەرجی بوون و بەردەوامیی ئەو بوونەیە، بە لای هیگڵەوە (من) بە هۆی دژەکەیەوە، کە (ئەوی تر)ـە؛ هەیە، بەمەیش ئەو (من)ـە لە گۆشەگیریی ئەنتۆلۆجی دەردەهێنێت، بەڵام ئەوی تری ناکورد، وەک دژێک کە سیفەتی ململانێی هەبێت لە بەرامبەر من (منی شاعیری کورد) دەرناکەوێت، بە لای (هیگڵ)ـەوە ململانێی من و ئەوی تر دەبێتە هۆی گەشەکردنی هۆشیاری، بەڵام ئەم ململانێیە لە پێوەندیی من (منی شاعیری کورد) و ئەوی تری ناکورد بوونی نییە، هۆشیاریی منی شاعیری کورد ناکەوێتە کێبڕکێ لەگەڵ هۆشیاریی ئەوی تری ناکورد بەڵکوو لە ناویدا دەتوێتەوە، گۆشەگیریی ئەنتۆلۆجیی بەردەوام دەبێت و قووڵ دەبێتەوە، هەروەک چۆن لای (هایدیگەر) خود نامێنێت کاتێ لەگەڵ (ئەوانی تر)دا دەبنە خاوەن ئەدگاری هاوبەش، چونکە جیاوازییەکانی دەسڕێنەوە و دەبێ بە خاوەنی شتگەلێک کە بەوانی تری گرێ دەدەن، بەمەیش ئەوانی تر دەبنە فەرماندەری ئەو خودە و بوونی ئەو (ئەوی تر)ـە لەم هاوکێشەیە مەترسییە بۆ سەر (من). ئەوانی تر، ئەوانەن کە مرۆڤ ناتوانێت خۆی لێیان جیا بکاتەوە، پێوەندیی من (منی شاعیری کورد) و ئەوی تری (ناکورد: عەرەب یان فارس یان تورک) بە هەمان شێوەیە، پێوەندیی من و ئەوی تر لای (سارتەر) سامناکە، چونکە (من) دەخرێتە دواوە، دەکرێتە بابەت و ئازاد نییە، بە پێی بیرکردنەوەی سارتەر کە لە کارە ئەدەبییەکانیشیدا ڕەنگیان داوەتەوە، سڕینەوەی (ئەوی تر)ـە مەرجی بوونی هەر خودێکە. پێوەندیی نێوانیان پێوەندیی (خود) و (بابەت)ـە. ئەو، ئەوی تر بە نەگەتیڤ سەیر دەکات و پێی وایە لەگەڵ (من)دا لە کێبڕکێ و ململانێدایە، هەر یەکیان ئەوی تریان بە شت و بابەت بزانن، ئەم پێوەندییە لە ئاستی دەرەوەدا بێ و نەگاتە ناوەوە، بۆ

پێوەندیی من (منی شاعیری کورد) و ئەوی تری (ناکورد: عەرەب یان فارس یان تورک)یش هەمان دیدی سارتەر دەست دەدات، بەڵام کاتێ (مێرلۆ پۆنتی) بە پێچەوانەوە وای دەبینێت (من) و (ئەوی تر) یەکتر دەکەن بە بابەتی یەکتر، چونکە دایەلۆگ لەگەڵ یەک دەکەن و هەست و ئیحساس دەگۆڕنەوە، بە هۆی دایەلۆگەوە خود و (ئەوی تر) بە یەک دەگەن و هەر دوو لا لە خاڵێکی هاوبەشدا بەر یەک دەکەون، بەڵام لە پێوەندیی من (منی شاعیری کورد) و ئەوی تری (ناکورد: عەرەب یان فارس یان تورک) نە یەکتری دەکەنە بابەت و نە ئەو دایالۆگەی پۆنتی باسی دەکات، هەیە، (مێرلۆ پۆنتی) وای لێک دایەوە (من) و (ئەوی تر) بەتەواوی لیک جوودان، بە هۆی دایالۆگەوە دەکرێت لە خاڵی هاوبەشدا پێک بگەن، بەڵام منی شاعیری کورد و ئەوی تری ناکورد، خاڵی هاوبەش نییە کە دایالۆگ دروستی کردبێت، دوورکەوتنەوەی من و ئەوی تر یان گەرم نەبوون و چڕنەبوونەوەی دایالۆگی نێوان منی شاعیری کورد و ئەوی تری ناکورد، هەمیشە بە زیادبوونی پانتاییی وەهمەکان کۆتایی دێت، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی سەیرکردنی منی شاعیری کورد بۆ ئەوی تری ناکورد، یان بەکەمزانین و سڕینەوە، یان ئیعجاب و پەرستن. یان بە دۆستی بزانێت یان دوژمن.

لە باسە تیۆرییەکەی بەشی یەکەمدا باسی لیڤیناسیشمان کورد، ناچینەوە سەر بۆچوونەکانی بەڵام بەکورتی هەر هێندە دەڵێین باسی ئەخلاق و بەرپرسیاریێتی کە لە فەلسەفەی لیڤیناسدا جەختی لێ کراوەتەوە، لە پێوەندیی من (منی شاعیری کورد) و ئەوی تری (ناکورد: عەرەب یان فارس یان تورک) هیچ هۆشیارییەکی لەسەر نییە و بەتەواوی ونە.

## ئەنجام

تونێژینەوەکەمان بە ناوی (**له خۆسەلماندنەوە بۆ توانەوە**) کە هەوڵێک بوو بۆ دۆزینەوەی وەڵامێک بۆ پرسیاری: **صافی ئەم هەموو شیعرەی بۆ بە زمانی ناکوردی نووسیوە؟** گەیشتە کۆتایی، لە کۆتاییی ئەم تویژینەوەیەدا بە چەند دەرەنجامێک دەگەین کە لێرە لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینە ڕوو:

١- پێوەندیی من (منی شاعیری کورد) و ئەوی تری (ناکورد: عەرەب یان فارس یان تورک) پێوەندییەکی ناتەندروستە و هۆشیاریی لەسەر من بەرهەم ناهێنێت و نابێتە ئاوێنەیەک بۆ ناسینی خود و هیچ دیالۆگێکی لەگەڵ ئەوی تری ناکورد لێ سەوز نابێت.

٢- شیعرنووسین بە زمانی ناکوردی لە لایەن شاعیری کوردەوە، نابێتە پردی بەیەکگەیشتنی دوو کولتوور و دانپێدانانی ئەوی تری ناکورد بە منی شاعیری کورددا.

٣- شیعرنووسین بە زمانی ناکوردی لە لایەن شاعیری کوردەوە، شاعیری کورد و تاکی کوردی لە گۆشەگیریی ئەنتۆلۆجی ڕزگار ناکات کە تێی کەوتوە.

٤- شیعرنووسین بە زمانی ناکوردی لە لایەن شاعیری کوردەوە، وەک شیعرنووسین نییە بە زمانی دایک و پلەیەک لە هەست و ڕەگەزە ڕاستەقینەکانی شیعر دوور دەکەوێتەوە.

٥- شیعرنووسین بە زمانی ناکوردی لە لایەن شاعیری کوردەوە، وەک شیعرنووسین نییە بە زمانی دایک و پاشان وەردەگێڕرێت، چونکە گەیاندنی شیعری وەرگێڕاو پێوەندیی بە توانای وەرگێڕان و هێزی وەرگێڕەوە هەیە و مەرج نییە ڕەگەزە شیعرییەکان و بەهای مەعنەویی شیعری تێدا بدۆڕێت.

٦- دەرەنجامی تێڕوانینێکی ڕەخنەییمان بۆ پرسیاری تویژینەوەکە (صافی ئەم هەموو شیعرەی بۆ بە زمانی ناکوردی نووسیوە؟) دۆزینەوەی وەڵامێک کە صافیی شاعیر هەوڵی (خۆسەلماندن)ی داوە لە بەردەم ئەوی تری ناکورددا بەڵام بە (توانەوە) کۆتاییی هاتوە و بۆیە ناونیشانی سەرەکیی باسەکەمان بریتی بوو لە: لە خۆسەلماندنەوە بۆ توانەوە.

## سەرچاوەکان


### یەکەم: بە زمانی کوردی:

١- خەزنەدار، دوکتۆر مارف. (٢٠٠٥)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٢- صافی. (٢٠٠٤)، دیوان، (کاک مصطفی کوڕی کاک عبدللەی هیرانی)، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی: محمدی مەلامصطفی هیرانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،- هەولێر.

### دووەم: بە زمانی عەرەبی:

١- بوردیو، بییر و آخرون. (١٩٩٣)، حرفة عالم الإجتماع، الطبعة الأولى، ترجمة: نظير جاهل، دار النشر: دار الحقيقة.

٢- دیكارت. (٢٠٠٧)، محاورة ديكارت، البحث عن الحقيقة بواسطة نور الطبيعي، الطبعة الاولى، ترجمة: مجدي عبد الحافظ، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

٣- تودورف، تزيفتان. (١٩٩٩)، نحن و الاخرون، الطبعة الاولى، ترجمة: ربى حمود، دار المدى للنشر و التوزيع، دمشق.

### سێیەم: بە زمانی فارسی:

١- احمدی، بابک. (١٣٨٩)، موسیقی شناسی، فرهنگ مفاهیم موسیقی شناسی، چاپ١، تهران.

٢- لویناس، امانوئل. (١٣٨٧)، اخلاق و نامتناهی، ترجمة: مراد فرهاد پور و صالح نجفی.

٣- علیا، مسعود. (١٣٨٨)، کشف دیگری همراه با لویناس، نشر نی، تهران.

### چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی:

1- Ethics، T.V.(2009)، The virtue of aristotles ethic، Retireved from reviews.

2- Kain، P.J. (1988)، Self Consciousness، the Other، and Hegles Dialectics of Recognition: Alternative to a Postmodern Subterfuge، Philosophy& Social Criticism.

3- The_ Concept_ of_ the_ Other_ from_ Kant_ to_ Lacan، (1018)، issues. Retrieved from philosophynow.
4- Woods،N.(2006)، Describing Discourse: A practical to Discourse Analysis، London.


# المستخلص

## من أثبات الذات إلى الانصهار

## البحث عن إجابة لسؤال: لماذا كتب صافي كل هذه القصائد باللغة غير الكردية؟

## (دراسة نقدية)

إنطلاقا من منهج نقدي مستند الى آراء عدد من الفلاسفة، تسعى هذه الدراسة الى التحقيق في اسباب كتابة بعض الشعراء الكرد قصائهم، بالاضافة الكوردية، باللغات العربية و الفارسية و التركية في القرون السابقة، فإن حيزا كبيرا من ديوان الشاعر الكوردي **صافي** قد تضمن هذا النوع من القصائد.

في سياق هذا البحث، أو عزنا ذلک الى رغبة الشاعر بتقديم نفسه الى (الآخر) و إعتبرنا محاولات التعريف بالنفس التي بذلها صافي و غيره من الشعراء الأكراد بأنها جهود للتخلص من العزلة و وصفناها بعبارة "**من إثبات الذات إلى الانصهار**".

وقد جاءت هذه الدراسة في مبحثين رئيسين سنحاول في المبحث الأول فهم العلاقة بين الذات و الآخر من وجهة نظر العديد من الفلاسفة. بالنسبة لهيغل، لا يمكن للذات أن تكتسب أي معرفة عن نفسها من دون الآخر، فهي مرتبطة بالآخر و ترغب باعترافه بها. و وفقا لهذا المنطق فإن كل شيء يجد استمرارية و قوة في نقيضه، لذا تستطيع الذات أن تثبت وجودها من خلال هذا الآخر، فتنمو و تتطور بفضل هذا الصراع، الذي يشبهه هيغل بالعلاقة بين العبد و السيد. أما هايدجر، فيرى ان الذات تفقد جزءا من كيانها عندما تشترک مع الآخر في صفة مشترکة فهي بذلک تفقد جزءا مما يميزها عن الاخر. أما لسارتر فإن العلاقة بين الذات و الآخر قد تصل الى مستوى مخيف تفقد عنده الذات حريتها. و بعد ذلک تستعرض الدراسة آراء ميرلو بونتي، و ليفيناس، وغيرهم من الفلاسفة.

و في الجزء الثاني، و استنادا إلى الخلفية النظرية للجزء الأول، سنحاول التحقيق في مسألة لماذا كتب صافي كل هذه القصائد باللغة غير الكردية. وما كان غرضه من ذلك؟ وهل نجح في مسعاه؟ لأنه إذا كانت اللغة الأم هي التي تصوغ أفكار الإنسان و أحاسيسه و عواطفه، فكيف يمكن لهذه الجوانب التي العناصر المميزة للشعر أن تصاغ ويعبر عنها في قصائد بلغة اخرى. و إذا كانت اللغة الأم التي هي مصدر تكوين الذات، فإن لها دور كبير في إنتاج وتنمية القدرات الفكرية لدى الطفل، وكيف يمكن تجسيد هذه الجوانب في الشعر بلغة ثانية؟ وفي هذا الصدد، قامت الدراسة و بأسلوب النقد التحليلي الذي يربط بين (الأنا) و (الآخر)، فتوصلت الى أن محاولة الشاعر في الفرار من العزلة لم تفلحن وبدلا من إثبات ذاته فقد انتهى المطاف الى الانصهار. وأخيرا، بالإضافة إلى النتائج و قائمة المصادر، فقد تم تقديم ملخص الدراسة باللغتين العربية و الإنجليزية.

الكلمات المفتاحية: الأنا، الآخر، إثبات الذات، الانصهار، العزلة الأنطولوجية، اللغة الأم.

## Abstract

### From self-affirmation to Fusion

### Searching For An Answer To The Question: Why Did Safi Write All These Poems In The Non-Kurdish Language?

### (A Critical Study)

Based on a critical approach based on the opinions of a number of philosophers، this study seeks to investigate the reasons why some Kurdish poets wrote their poems، in addition to Kurdish، in Arabic، Persian، and Turkish in previous centuries. A large portion of the collection of the Kurdish poet Safi included such type of poems.

In the course of research، this phenomenon has been attributed to the poet's desire to introduce himself to (the other)، and we considered the attempts to introduce one's ego made by Safi and some other Kurdish poets as efforts to get rid of isolation. We have labeled such attempts as "from self-affirmation to fusion."

This study is made up of two main sections. In the first section، we will try to understand the relationship between the ego and the other from the point of view of many philosophers. For Hegel، the sego cannot gain any knowledge about itself without the other، as it is connected to the other and desires his recognition of it. According to this view، everything finds continuity and strength in its opposite، so the ego can prove its existence through this other، and it grows and develops thanks to this conflict، which Hegel likens to the relationship between the slave and the master. As for Heidegger، he believes that the ego loses part of its being when it shares a common characteristic with the other. Thus، it loses part of what distinguishes it from the other. As for Sartre، the relationship between the ego and the other may reach a serious level at which the ego loses its freedom. The study then reviews the opinions of Merleau-Ponty، Levinas، and other philosophers.

In the second section، and based on the theoretical background of the first section، we have tried to investigate the question of why Safi wrote all those poems in the non-Kurdish language. What was his purpose for that? Did he succeed in his endeavor? Because if the mother tongue is what formulates a person's thoughts، feelings، and emotions، then how can these aspects that are the distinctive elements of poetry be formulated and expressed in poems in another language? If the mother tongue is the source of self-formation، it has a major role in producing and developing the child's intellectual abilities. Then، how can these aspects be embodied in poetry in a second language? In this regard، the study has used the analytical criticism method that links the "ego" and the "other،". The paper concluded that the poet's attempt to escape isolation was unsuccessful، and instead of proving his ego، he ended up in fusion.

Finally، in addition to the results and a list of sources، an abstract of the study was presented in Arabic and English.

**Keywords**: ego، other، self-affirmation، fusion، ontological isolation، mother tongue.